هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الـوزراء

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (٢٣) لە ٢٠١٩/٩/١٨

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمواركراو، و لەبەر ڕۆشنایی كۆنووسی كۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧) لە ٢٠١٩/٩/١٨، بڕیاردرا بە:

١. پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەتمەند لە وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان کە نوێنەرایەتییان لە دەروازە سنوورییەکاندا هەیە بە سەرپەرشتی هەردوو بەڕێزان (وەزیری ناوخۆ ، وەزیری دارایی و ئابووری) بۆ بەردەوامیدان بە ڕێکخستنەوەی دەروازە سنوورییەکان لەڕووی کارگێڕی و دارایی و تەکنیکییەوە بە ئامانجی برەوپێدان و باشتر کۆکردنەوەی داهاتی ئەو دەروازە سنوورییانە و یەکخستنی ڕێکار و میکانیزم و پرۆسەکانی پیادەکراو لە دەروازە سنوورییەکان لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکی باشتر و ئاسانتر بە هاوردەکاران و هەناردەکارانی هەرێمی کوردستان و گەشەپێدانی بزاڤی بازرگانی بە ڕەچاوکردنی ماف و دەسەڵاتە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان پەیوەندیدار بە دەروازە سنوورییەکان لە چوارچێوەی دەستووری فیدراڵیی عێراق.

٢. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن و دواتر بە ڕاپۆرتێك ئەنجومەنی وەزیران لە ڕاسپاردە و پێشنیارەکان ئاگادار دەکەنەوە.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران